کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-8-2007 15:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



## ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پارسەنگ کردنی هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق... سلێمان پشدەری

لەندەن

سەرۆک بارزانی کە قوتابی و پەروەردەی قوتابخانەیەکە کە بارزانی نەمر دامەزرێنەر و ڕێبەری بووە و مێژوو شاهیدی بۆ دەدات کە چی سەرکردەیەکی حەکیم و لێوەشاوە بووە هەر بۆیە بەڕێزیشیان لەسەر هەمان ڕێگاو هەمان بەرنامە بەردەوامە.

هەموو لایەکمان باش ئەزانین کە پرۆسەی سیاسی ئەمڕۆ لە عێراق ڕوو لە قەیرانێکی خراپ دەکات و بێ متمانەیی سەرکردە سیاسیەکانی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبێت بەتایبەت لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، هۆکارەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ تۆڵە سەندنەوە و حیساب بۆ یەکتر نەکردن و کاریگەری وولاتانی ئیقلیمیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە بۆ ئەم پشێویەی ئەمڕۆ لە مەیدانی سیاسی عێراقدا بەرچاو دەکەوێت. تاکە هێزێک لە ناو عێراقدا کە بێ لایەن وەستابێت کوردە کە دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ هەردوولا بکات و هەوڵ بدات بۆ لەیەکتر نزیکخستنەوەیان.

هەر لە سەرەتای پلان دانان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەغدا لە کۆنگرەی لەندەن و سەلاحەدین سەرۆک بارزانی قورساییەکی بەهێزی هەبوو لەناو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و بە بەرچاو دەبینرا کە میدیا جیهانیەکان چۆن گرنگیان بە ووتە و پێشنیار و بۆچوونەکانی دەدا.

پاش جەنگی ئازاد کردنی عێراق لە دەستی دیکتاتۆر جارێکی تر سەرۆک بارزانی پێشنیاری کرد بۆ گشت لایەنە سیاسیەکانی عێراق و لە ناو مەجلیسی حوکم کە لێبووردنی گشتی دەربکەن و کێشەی تۆڵە سەندنەوە و مەسەلەی تایفی نەکەوێتە نێوانیان چونکە ئەو بابەتانە زیاتر کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات لە عێراق دا، بەڵام گوێنەدانی سەرانی سیاسی لە بەغدا بەو مەسەلانە ڕۆژ بەڕۆژ کێشەکانی ئاڵۆزتر کرد و دوژمانانی ئازادی عێراق زیاتر توانیویانە دەست بخەنە ناو عێراق.

هەر لە سەرەتای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق چەند جارێک سەرۆک بارزانی سەردانی بەغدای کردووە و دانوستانی لەگەڵ هەردوو لایەنی سونی و شیعە کردووە بۆ گەیاندنیان بە برایەتی و تەبایی وە چەند جارێک لەسەر داوای سەرکردایەتی سیاسی عێراق داوەتی سەرۆک بارزانی کراوە بۆ بەغدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو لەنێوان سونە و شیعە دا، لە کاتێکدا ئەرکی سەرشانی سەرۆک بارزانی زۆر لەوە قورسترە کە باسی بکەین چونکە ئەمڕۆ تەواوی سەنگی سیاسی کوردستان کەوتۆتە سەر شانی بەڕێزیان بەڵام لەخۆ بووردانە هەمیشە ئامادە بووە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەردوولا گەیاندنیان بە ڕێگا چارەیەکی گونجاو کە بتوانن وەکو برا بەیەکەوە بژین.

سەردانی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و سەردانەکانی پێشووی هەمیشە پارسەنگی هاوکێشە سیاسیەکانی عێراقی ڕاگرتووە، هەرکاتێک پارسەنگی سیاسی لە بەغدا بکەوێتە لاری پەنا دەهێنن بۆ سەرۆک بارزانی کە ڕێگا چارەیەکی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە، چەند جارێک کە هەردوو بەشی سوننە و شیعە کاتێک کێشەکانیان ڕووی لە گەورەیی کردووە ئەویش بەهۆکاری حیساب بۆ یەکتر نەکردن و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا19-8-2007 15:37
یەکتر نەخوێندنەوە سەرۆک بارزانی توانیویەتی بە گفتوگۆ و تێگەیاندنی مەسەلەکان لەیەکتریان نزیک بکاتەوەو متمانە بگەڕێنێتەوە نێوانیان.
بەڵام سەردانی ئەم جارەی بەڕێزیان لە جارانی پێشوو قورسترە چونکە بێ متمانەیی هەردوو گروپ گەیشتۆتە ئاستێکی داخراو و هەرچی هەوڵیان داوە نەیان توانیوە گرێکان بکەنەوە و ڕۆژ بەڕۆژیش حکومەتی عێراق بەرەو لاوازی دەچێت و لە کەوتندایە ئەگەر سەنگی کورد نەبێت ئەو حکومەتە نامێنێت، سەرۆک بارزانی بە هەست کردن بەمەسولیەتی سەرشانی بۆ گەیاندنی هەردوولا بە ڕێگا چارەیەکی گونجاو خەریکی گفتوگۆ کردن و ئاڵوگۆڕ کردنی بیرو ڕاکانە چونکە کوردیش بەشێکە لە پارسەنگی ئەو هاوکێشە سیاسیانەی بەغداو تا ئەو ساتەی ئێمە سەر بە عێراق بین دەبێت لە خۆشی و ناخۆشی دا لەگەڵیاندا بەشدار بین.
هۆکاری بوونی ڕۆڵی سەرۆک بارزانیش بە پارسەنگی هێزە سیاسیەکان لە بەغدا دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی حەکیمانەی جەنابیان و ڕاسگۆیی و پابەند بوونی بە بەڵێنەکانی و یەک هەڵوێستی و بەپەرۆشی بۆ دەستکەوتەکانی کە بەدەست هاتوون و هەوڵ و کۆششە بێ ووچانەکانی بۆ یەکخستن و یەک ڕیزی گەلانی عێراق بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی بژین و لەژێر هیچ زوڵم و ستەمێک دا نەبن.
دڵنیام ئەمجارەش وەکو جارانی پێشوو دەبێتە فاکتەری یەکخستنەوەی سەرجەم هێزە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق بە شێوازێک هەموو لایەک وەکو برا کار بکەن بۆ پێشەوە چوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و ناوچەکە و بەرەنگار بوونەوەی وولات لە تیرۆر و تیرۆریستان.

سلێمان پشدەری / لەندەن
2007/08/16

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.